# وتاری

# وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی کوردستان

# لە نەتەوە یەکگرتووەکان

رۆژی 2007/3/21 وەفدێکی باڵای عێراقی بە سەرۆکایەتی د. شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی کوردستان بەشداری لە کۆبوونەوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کارو باری مافی مرۆڤ لە (ژنێڤ) کرد.....

دوای بەشداری کردنی وەفدەکەو گەڕانەوەی وەزیری مافی مرۆڤ بۆ کوردستان لە لێدوانێکی رایگەیاند:

ئامادەبوونی ئێمە لەم کۆبوونەوە گرنگەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەلالەتێکی مێژووی گەورەی بە نەتەوەکەمان بەخشی،چونکە یەکەمجارە وەزیرێکی کورد سەرۆکایەتی وەفدێکی عێراقی دەکات و لەبەردەم نوێنەرانی وڵاتانی دونیا وتاری وڵاتێك لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ دەخوێنێتەوە کە ساڵانێك بوو گەلی کورد تیایدا ئاواتی ئەوەی دەخواست دەنگی زوڵمکردن و پێشێلکاریەکانی بگەیێنرێتە ئەم شوێنە..

ئەمڕۆش کورد بۆخۆی وتار لەم شوێنە دەخوێنێتەوە .....

هەر لەم سەردانەیدا وەزیری مافی مرۆڤ چاوی بە ژمارەیەك باڵیۆزی وڵاتانی دونیا کەوتووە لەسەرووی هەمووشیانەوە بالیۆزی وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنسا و لە م دیدارانەشدا باس لە رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان و عێراقدا کرا......

شایانی باسە ئەم کۆبوونەوەیە (9)رۆژی خایاندو ساڵانە (3) جارلە (ژنێف) دەبەسترێ و ئەمساڵ وەفدی عێراق وەك چاودێر بەشداری ئەم کۆبوونەوەیەی کردو لەهەموو جارەکانیشدا باس لەهەموو ئەو ئاستەنگ و گرفت و کێشانە دەکرێ کە دەبێتە هۆکاری پێشێلکاریەکان لە وڵاتان بەتایبەت لە رووی توندوتیژی دژی ژنان و بێسەرو شوێنکردن و پێشێلکاریەکانی مافی منداڵان و توندوتیژی دژی پارێزەرانی مافی مرۆڤ و نەهێشتنی تیرۆر......